پاش 52 رۆژ، مانگرتنی کوردان لە شاری ستراسبورگ کۆتایی پێهات




15 سیاسەتوان و نوسەرو چالاکی بواری ژنان لە 1.03.2012 ەوە کە لە شاری ستراسبورگی فەرانسە دەستیان بە مانگرتنێکی بێوادە لە خواردن کردبوو، ئەمڕۆ 21.04.2012 بە لێدوانێکی چاپەمەنی کۆتایی پێهات.

لە 52وەمین رۆژدا مانگرانی ستراسبورگ پاش بانگەوازی بەربڵاوی لایەن و کەسایەتییە کوردی و هەروەها حیزب و کەسایەتییە ئوروپاییەکان بۆ کۆتاییهێنان بە مانگرتنەکە، مانگران بەرەو پیری ئەو خواستانەوە چوون و بە لێدوانێکی چاپەمەنی کۆتاییان بە مانگرتنەکە هێنا.

بەشێک لە لێدوانی مانگران: لە یەکی مارسی 2012وە بە ناوی دەستپێشخەریی بۆ ئازادی ئوجالان 15 سیاسەتوان و نوسەر و چالاکی بواری ژنان دەستمان بە مانگرتنێکی بێوادە و بێسنوور لە خواردن کردبوو ئەمڕۆ و لە رۆژی 52وەمین رۆژدا کۆتاییمان پێهێنا.
ئارمانجی لە مانگرتنەکە ئەوە بوو کە گۆشەگیری توند لەسەر بەرێز ئوجالان و هەروەها سەرکوتی کوردان بەتایبەتی لە باکوری کوردستان بە رای گشتی جیهان بگەیەنن. مەبەستی ئێمە گەیاندنی دەنگی مافخوازیی بووە بۆ کۆنسەی ئوروپا و رێکخراوی دژ بە شکەنجە و و رێکخراوەجیهانییەکانی مافی مرۆڤ .
چالاکی ئێمە کە 52 رۆژی خایاند بە هۆیەوە داخوازیی مافخوازیی و رەوای گەلی کورد و ئازادی عەبدوڵلا ئوجالان گەیشتە ناوەندە پەیوەندیدار و ئاگادارکردنەوە بوو بۆ ئەوان.
لە درێژەی لێدوانەکەیاندا رایانگەیاند کە بۆ خێراترکردنی چالاکییەکانی ناوەندەکان و بە هۆی ئەوەی زیاتر بتوانین درێژە بە چالاکییەکانیان بدەین رادەگەیەنین کە مانگرتن لە خواردنی ئێمە بە مەبەستەکانی خۆی گەیشت و لەمڕۆوە کۆتایی بە مانگرتنەکەمان دێنین.
ئێمە داخوازیی خۆمان بە شێوازێکی هەستیار گەیاندە پارلەمانی ئوروپا و سی پی تی و و وشیاریی گەلەکەمانی نیشان دا. لێرەوە رادەگەیەنین کە پشتیوانی باشمان لێکراوە . سکرتێری کۆنسەی ئوروپا لە 13.4 دا و لێدوانی سکرتێری سی پی تی لە 18.4 دا و هەروەها چەندیی دیدار و چاوپێکەوتن لە لایەن دۆستانیی گەلی کوردوە ئێمەی بەو بڕوایە گەیاند کە داخوازییەکانی ئێمە لە لایەن ناوەندە پەیوەندیدارەکانەوە بە هیند وەرگیراوە و و دەخوازین بە پراکتیکیش ببیندرێن.

چالاکان لە کۆتایی لێدوانەکەیاندا سوپاسی گەل و چاپەمەنی و رای گشتی کە وا بە هەستیار لەگەڵ پرسی مانگرتنەکە بوون سوپاسییان دەکەین.